https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2361.12

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# دابەشبوونی زارە کوردییەکان بە پێی تیۆری (شەپۆلەکان
# شێوەئاخاوتنی سوورچی بە نموونە

د. عمر احمد عبدالرحمن
بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردە
شەقڵاوە/زانکۆی سەلاحەدین
Omer.abdulrahman@su.edu.krd

پ. د. یوسف شریف سعید
بەشی زمانی کوردی/کۆلێژی زمان
زانکۆی سەلاحەدین/کوردستان، عێراق
Yousif.saeed@su.edu.krd

**پوختە:**

تیۆری شەپۆلەکان (Wave Theory) چۆنیەتیی بڵاوبوونەوەی زارەکانی زمان ڕووندەکاتەوە. بەپێی ئەو تیۆرە تەوژمی گۆڕانی زمان هاوشێوەی شەپۆلی ئاو لە چەقەوە دەستپێدەکات، تا لە چەقیش دووربکەوێتەوە کەمدەبێتەوە. ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو تیۆرەدا لە کاریگەریی شەپۆلی گۆڕانی زاری ناوەڕاست و زاری ژووروی زمانی کوردی لە شێوەی ئاخاوتنی سوورچی دەدوێت.

شێوەئاخاوتنی سوورچی، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە کەوتووەتە نێوان تەوژمی گۆڕانی هەردوو زاری ناوەڕاست و ژووروو، بۆیە بووەتە ناوچەی بەریەککەوتنی ئەو دوو زارە و سیمای زمانیی هەردوو زارەکەی پێوە دیارە. ئەم توێژینەوەیە چۆنیەتیی بەریەککەوتنی زارەکان و سیمای زمانیی هەریەک لەو دوو زارە لە شێوەئاخاوتنەکەدا دیاردەکات. واتە ڕادەی پێکچوون و جیاوازیی شێوەئاخاوتنەکە لەگەڵ هەریەک لەو دوو زارە ڕووندەکاتەوە.

توێژینەوەکە بە پشتبەستن بە نموونە زمانییەکان ئەنجامی ئەوتۆی بەدەستخستووە، کە شوێنی شێوەئاخاوتنەکە لە نێوان هەردوو زارەکەدا دیاریدەکات و چۆنیەتیی کاریگەرییەکان ڕووندەکاتەوە. توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ پێشەکیی توێژینەوەکە. بەشی دووەم تیۆرییە و باس لە چۆنیەتیی بڵاوبوونەوەی زارەکان بەپێی تیۆری شەپۆلی دەکات. لە بەشی سێیەمدا، چۆنیەتیی شێوەگرتنی شێوەئاخاوتنی سوورچی لە نێوان دوو زاری زمانی کوردیدا ڕووندەکاتەوە.

**وشە کلیلییەکان:** تیۆری شەپۆلی ئاوی، شێوەئاخاوتن، گۆڕانی دەنگ، دابەشبوونی زار.

## دابەشبوونی زارە کوردییەکان بە پێی تیۆری (شەپۆلەکان)

## شێوەئاخاوتنی سوورچی بە نموونە

**١- پێشەکی: ناونیشانی توێژینەوەکە:** ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (دابەشبوونی زارە کوردییەکان بەپێی تیۆری شەپۆلەکان شێوەئاخاوتنی سوورچی بە نموونە)، هەوڵدەدات شوێنی شێوەئاخاوتنی سوورچی[١] لە نێوان دیالێکتی ناوەڕاست و ژووروودا دەسنیشانبکات.

**١/١. ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی، کە سنووری شێوەئاخاوتنی سوورچی بەپێی تیۆری شەپۆلەکان لە نێوان هەردوو زاری ناوەڕاست و ژوورووی زمانی کوردی لە ڕووی زمانەوە دیارییبکات و بەریەککەوتنی هەردوو زارەکە لە ناوچەی شێوەئاخاوتنی سوورچی دەستنیشانبکات، کە شوێنی کوتایی شەپۆلەکانی هەردوو زارەکەیە.

٢/١. **پرسیاری توێژینەوەکە:** پرسیاری ئەم تویژینەوەیە بریتییە لەوەی کە ئایا شیوەئاخاوتنی سوورچی سەربەکام زاری کوردییە و لە ڕووی زمانەوە زیاتر پەیڕەوەی یاسا زمانییەکانی کام لە زارە کوردییەکان دەکات. هەروەها ئایا شەپۆلەکانی کام لەم دوو زار لەو شێوەئاخاتنەدا زیاتر بەرجەستە دەبن؟

**٣/١. گرنگیی توێژینەوەکە:** گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە، هەوڵدەدات تیوری شەپۆلەکان بۆ دابەشبوونی زار و شێوەزارەکان، لەسەر یەکێک لە شێوەئاخاوتنەکانی زمانی کوردی پراکتیزەبکات و لایەنی لێکچوو و جیاوازی لەگەڵ هەر یەک لە زارەکانی ناوەڕاست و ژووروودا دەسنیشانبکات. هەروەها ئەوە بسەلمێنێت کە شێوئاخاوتنی سوورچی دەبێتە چەقی بەریەککەوتنی هەردوو زاری ناوەڕاست و ژووروو، بە

جۆرێک لە سنووری ئەم شێوەئاخاوتنەدا شەپۆلەکانی هەردوو زار کاڵدەبنەوە، هەربۆیە تێکەڵییەکی زۆر هەستپێدەکرێت.

**٤/١. ڕێبازی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە بەپێی میتۆدی (وەسفی – شیکاری) ئەنجامدراوە،

**٥/١. ناوەرۆکی توێژینەوە:** توێژینەوەکە بەپێی پلانێک دابەشکراوەتە سەر دوو بەشی سەرەکی، هەریەک لەو بەشانەش دابەشدەبن بۆ سەر دوو تەوەرە:

**١/٥/١. بەشی یەکەم** تەرخانکراوە بۆ لایەنی تیوری، لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکدێت. لە تەوەرەی یەکەمدا، باس لە تیۆری شەپۆلەکان دەکات و پاشان دابەشبوونی زمانی کوردی بۆ سەر زارەکان دەخاتەڕوو. لە تەوەرەی دووەمدا، سنوور و جوگرافیای هەردوو زاری ناوەڕاست و ژووروووی زمانی کوردی دەستنیشاندەکات. ئینجا هەوڵدەدات شێوەئاخاوتنی سوورچی بناسێنێت و لە ڕووی ناوچەی جوگرافی و ژمارەی دانیشتوان و... هتد.

**٢/٥/١. لە بەشی دووەمدا** شێوەئاخاوتنی سوورچی بەراوردکراوە لەگەڵ هەردوو زاری ناوەڕاست و ژووروودا بە مەبەستی خستنەڕووی لایەنی لێکچوو و جیاوزیی نێوانیان لە چەند ڕوویێکەوە. ئەویش دابەشدەبێتە سەر دوو تەوەرە. لە تەوەرەی یەکەمدا، لایەنی دەنگسازی خراوەتەڕوو، باس لە هەموو ئەو گۆڕانانە کراوە، کە لە ئاستی دەنگدا ڕوویانداوە. تەوەرەی دووەم تەرخانکراوە بۆ لایەنی (ڕێزمان)، لە ئاستی مۆرفۆلۆجی باس لە مۆرفیمەکانی ناسیاوی و نەناسیاوی و کۆ و مۆرفیمە وشەدارێژەکان و... هتد لە شێوەئاخاوتنەکەدا دەکات و لەگەڵ هەردوو زارەکە بەراوردیان دەکات بە مەبەستی ڕاددەی دووری و نزیکی لە هەریەکێکیان. پاشان لە ڕووی سینتاکسەوە باس لەو جیاوازی و

پێکچوونانە دەکات، کە ئەم شێوەئاخاوتنە هەیەتی لەگەڵ هەردوو زاری ناوەڕاست و ژووروودا لە ڕووی سینتاکسەوە، وەک هەوڵێک بۆ زانینی ئەوەی، کە ئایا لەم ڕووەوە لە کام لە زارەکان نزیکترە. لە کۆتاییدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان خراونەتەڕوو، لەگەڵ ڕیزکردنی لیستێکی سەرچاوەی بەکارهاتوو لە لێکولینەوەکەدا.

## ٢/ دابەشبوونی زمان بۆ سەر زار و شێوەزارەکان بەپێی تیۆری (شەپۆلەکان):

**١/٢. تیۆری شەپۆلی ئاوی**: بابەتی گەشە و گۆڕانی زمان و دابەشبوونی زمان بۆ سەر چەند زارێکی جیاواز، هەر لە کۆنەوە جێگای سەرنجی زمانەوانەکان بووە، زمانەوانیی بەراوردکاری لەم بوارەدا هەوڵی زۆری داوە، لە سەدەی نۆزدەدا تیۆرەکەی داروین کاریگەری لە سەر هەموو زانستەکان هەبوو، زانستی زمانیش یەکێک بوو لەو زانستانەی، کە کەوتە ژێر ئەم کاریگەرییەوە، بۆیە زمانەوایش هەوڵیدا لەژێر ڕۆشنایی ئەم تیۆرە گەشە و گۆڕانی زمان لێکبداتەوە. زمانەوانەکان هەوڵیاندا کاری بەراوردی لە نێوان زمانەکان ئەنجامبدەن هەر چەند زمانێک بگەڕێننەوە بۆ سەر یەک خێزان یان بنەماڵە، بەمەش تیۆری درەختیی زمانەکان سەریهەڵدا (وریا عمر ئەمین: ٢٠٠٤: ١٦٦).

وەک چۆن زمانەوانیی بەراوردی تیۆری درەختەکانی هێنایە ئاراوە، ئاوهاش (لە ئەنجامی سەرهەڵدانی تیۆری درەختییەوە، زمانەوانەکان تیۆرێکی تریان دانا، کە مۆدێلی شەپۆلەکانە، دەتوانین بڵێین تیۆری شەپۆلی ئاوی بەرەنجامی لێکۆڵینەوەی بەراوردییە لە زماندا). (بەکر عمر علی و شێرکۆ حەمەئەمین: ٢٠٠٧: ١١).

تیۆری درەختەکان نەیتوانی هەموو کون و کەلەبەرەکانی ئەم بوارە پڕبکاتەوە و لەم بارەیەوە قسەی کۆتایی بکات، ئەو ڕەخنانەی لێیدەگیران

بریتیبوون لەوەی، کە لایەنگرانی ئەم تیۆرییە هەرجارەو لایەنێکیان دەکردە بنەما سەبارەت بەوەی کام زمان بکەن بە سەرچاوە بۆ زمانەکانی تر، هەرجارەو پێوەرێکیان پەیڕەودەکرد بۆ دووری و نزیکیی زمانەکان. هەروەها پێیوابوو کاتێک زارێک لە زمانێک دادەبڕێت ئەوا کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە نامێنێت. هەر بۆیە تیۆری شەپۆلەکان هاتەکایەوە. ئەوەی درەختییەکان پێیان نەکرا و وەکو کەموکووڕی لێیان وەرگیرا، تیۆری شەپۆلەکان هەوڵیدا ڕێگەپاکی لێبکات و نموونەیەکی لەبارتر بێنێتە کایە (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی و سباح رشید قادر:٢٠١٣: ٢٨). کەواتە تیۆری شەپۆلەکان وەک بەدیلێک بۆ تیۆری درەختەکان هاتە پێشەوە و هەوڵیدا دیاردەی دابەشبوونی زمان بۆ سەر زارەکان ڕوونتربکاتەوە.

تیۆری شەپۆلەکان (wave theory) لە لایەن شارلز جیمس بیلی ١٩٧٣و دیبریل بیکرتۆن ١٩٧٥، پەرەپێدرا و لایەنەکانی ڕوونکراونەتەوە، بۆچوونەکانی ئەم دوو توێژەرە دەچێتە چوارچێوەی زمانەوانیی مێژوویی و زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە. (هدسن: ١٩٩٠: ٦٩-٧٠)

ئەم تیۆرییە پشت بەو گریمانەیە دەبەستێ، کە دەڵێ گۆڕان لە زماندا لە ناوەوەی مەڵبەندی کاریگەری بڵاودەبێتەوە و دەستپێدەکات بۆ کەنارەکان، بەهەمان شێوەی ئەو شەپۆلانەی کە لە ئەنجامی فڕێدانی بەردێک بۆ ناو گۆمی ئاوێکەوە دروستدەبن (هیدسن: ١٩٩٠:٦٩). دەبێ تێبینی ئەوە بکرێت، کە گەورەیی و بچووکی بەردەکە و قووڵیی گۆمی ئاوەکە بۆ دروستکردنی شەپۆلەکانی ئاو کاریگەرییان هەیە، بە هەمان شێوە تیۆرەکەش ئەمەی لەبەرچاوگرتووە بۆ لێکدانەوەی چۆنیەتیی دروستبوونی زار و دابەشبوونی زمان، بەم پێیە (هەر بەردێک سەنتەری زمانێک دەگەیەنێت و گەورەیی و بچووکیی بەردەکە لە نێوان دوو زاردا ئاماژەیە بۆ زۆری و کەمیی ژمارەی قسەپێکەرانی ئەو زار و شێوەزارانە،

قولایی گۆمی ئاوەکە  لایەنی قوڵی شارستانی و کلتووریی ئەو شێوەزارە دەگەیەنێ) (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی و سباح رشید قادر:٢٠١٣: ٢٨-٢٩).

تیۆری شەپۆلەکان گۆڕانکارییەکان لە چوارچێوەی زمانێکدا لێکدەداتەوە، خۆی لە قەرەی پەیوەندیی نێوان دوو زمان یان خێزانە زمانەکان نادات، بەڵکو هەوڵدەدات بزانێ ئەم زمانە چۆن دابەشبووە بۆسەر چەند زارێک و لەناو سنووری زمانەکەشدا هەوڵدەدات سنووری جوگرافیی هەر زارێک دەستنیشانبکات، لە مەڵبەندی زارەکە جیاوازی و گۆڕانکارییەکان بخاتەڕوو تا دەگاتە سەر سنووری نێوان دوو زار، کە لەو ناوچەیەدا جیاوازییەکان کەمتر دەبنەوە و کاریگەریی شەپۆلەکان کاڵتر دەبێتەوە.

خاڵێکی گرنگی تیۆری شەپۆلی بریتییە لەوەی کە ئەو ناوچەیەی لە ئەنجامی چوونە ناویەکی هەردوو شەپۆلەکە دێتە ئاراوە دوو سیمای لێدەکەوێتەوە، سیماکانیش لە بیرکارییەوە وەرگیراون، لەو شوێنەی کە شەپۆلەکان بەریەکدەکەون و یەکتردەبڕن، هەندێ یەکەی زمانی تێدا دەبێت کە بۆ هەردوو زمانەکە یان زارەکە دەگەڕێتەوە. (هەمان سەرچاوە: ٣٠)

## ٢/٢ . دابەشبوونی زمانی کوردی بۆ سەر چەند زارێک:

زمانی کوردیش وەک هەر زمانێکی تر، دابەشدەبێت بۆ سەر چەند زارێکی جیاوازەوە، زمانەوانەکان بە چەند شێوەیەک ئەم پۆلینکردنەیان ئەنجامداوە، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین زۆر نەچینە ناو ئەم وردەکارییەوە، بە هۆکاری نەبەزاندنی سنووری توێژینەوەکەمان، بۆیە هەوڵدەدەین ئاماژەیەکی خێرا بە پۆلێنکردنەکان بدەین و زیاتریش جەخت لەسەر زاری

ناوەڕاست و ژووروو بکەینەوە، چونکە ئەو دوو زارە زیاتر پەیوەندییان بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە.

بە شێوەیەکی گشتی زمانی کوردی بۆسەر چوار زار دابەشدەبێت، کە بریتین لە (کرمانج و لوڕ و کەلهوڕ و گۆران). (شەرەفخانی بەدلیسی: ٢٠١٠: ١٠٠)، ئینجا هەریەکێک لەم زارانە دابەش دەبن بۆسەر چەند شێوەزارێک، ئەوانیش بۆسەر چەند شێوەئاخاوتنێک. هەر لەم بارەیەوە فواد حەمەخورشید زمانی کوردی دابەشدەکات بۆ سەر زاری (کرمانجی باکوور، کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی باشوور، گۆران) بەم شێوەیەی خوارەوە.

زاری کرمانجی ژووروو (باکوور): ئەم زارە چەند شێوەزارێک لەخۆدەگرێت، وەک: (بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بادینانی، دیالێکتی خۆرئاوا)

زاری کرمانجی ناوەڕاست: ئەم زارەش چەند شێوەزارێک لەخۆدەگرێت، لەوانە (موکری، سۆرانی، ئەردەڵانی، سلێمانی، گەرمیانی)

زاری کرمانجی خواروو: (لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسێنی، کۆهگلۆ، لەک، کەلهوڕ) لەخۆدەگرێت.

زاری گۆران: دابەشدەبێتە سەر شێوەزارەکانی (گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەلانی، زازا) (فوئاد حەمەخورشید: ٢٠٠٨: ٤١).

لەبەر پێویستیی لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدەین سنووری جوگرافیای هەردوو زاری ژوروو و ناوەڕاستی زمانی کوردی دەستنیشان بکەین.

**١/٢/٢. زاری ژووروو:** ئەم زارە ژمارەی قسەپێکەرانی زۆرە و سنوورێکی ئێجگار فراوان دەگرێتەوە، (هەموو کوردەکانی سوریا، تورکیا،

بادینان، کوردەکانی یەکێتیی سۆڤیەت و هێندێ لە کوردەکانی عیراق و ئێران قسەی پێدەکەن). (کامل بەسیر و کوردستان موکریانی و سادق بەهاءالدین و حەمەکریم هەورامی: ١٩٨٧: ٥) ئەم زارە چەند شێوەزارێک لەخۆدەگرێت، یەکێک لەوانە بادینانییە کە لە ڕووی سنووری جوگرافییەوە لەگەڵ شێوەزاری سۆرانی هاوسنوورن و لە ناوچەی سوورچیایەتی تێکەڵ بەیەکتر دەبن.

**٢/٢/٢. زاری ناوەڕاست**: ئەم زارەش سنوورێکی بەرفراوانی هەیە سنووری جوگرافیاکەی (لە بێجارەوە تا گەرۆس و جوانڕۆ و بانە و ڕۆژهەڵاتی سیروان (ئەردەڵان) ە، لە شنۆ و لاجانەوە بەسەر سابڵاغ و سەردەشت تاکو میاندواو (موکریان)ە، و لە سیروانەوە تاکو زێی بچووک (بابانە) و لە زێی بچووکەوە تاکو زێی گەورە سورانە) (عەبدالواحد موشیر دزەیی: ٢٠١١: ٣٥). یەکێک لە شێوەزارەکانی زاری ناوەڕاست بریتییە لە سۆرانی، ئەویش چەند شێوەئاخاوتنێکی لەخۆگرتووە، یەکێک لەوانە شێوەئاخاوتنی سوورچییە کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە. سەبارەت بە دابەشکردنی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی جیاوازییەک لەنێوان لێکۆڵەرانی کورددا دەبینرێت، بۆیە پۆلینی جۆراوجۆر لە ئارادان، بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە پۆلینەکەی (فواد حەمەخورشید)مان کردووە بە بنەما. چونکە پێمانوایە وردتر کارەکانی ئەنجامداوە.

### ٣/٢/٢. سنووری جوگرافیای شێوەئاخاوتنی سوورچی:

**پەیوەندیی نێوان زار و زمان:** بەرلەوەی سنووری شێوەئاخاوتنی سوورچی دەستنیشانبکەین، پێویستە ئاماژەیەک بە پەیوەندیی نێوان زار و زمان لەسەر بنەمای لایەنی لێکچوو و جیاوازیی نێوانیان بدەین، بەوەی کە زمان سنووری جوگرافیاکەی فراواترە و هەموو زارەکان لەخۆدەگرێت، لە بەرانبەردا زار سنووری جوگرافیاکەی تەسکترە.

(عەبدوالواحد موشیر: ٢٠١١: ١٧). هەرچەندە جیاکردنەوەی زار و زمان تارادەیەک ئاسان نییە، بەڵام هەریەکێکیان کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە بەهۆیەوە لە ئەوی تر جیادەبێتەوە، بەمەش دەکرێت بوترێ (زمان کۆی هەموو ئەو جیازازییانە دەگرێتەوە، کە لە نێوان دیالێکتەکانی زمانەکەدا هەن، بەڵام دیالێکت لەسەر بنەمای ئەو جیاوازییانە دروستدەبێت) (نەریمان خۆشناو: ٢٠١٣: ٦٢). یەکێک لە پەیوەندییە دیارەکانی نێوان زار و زمان ئەوەیە (تا زمان نەبێ دیالێکت یان زار دروستنابێ، زمانیش بەبێ زار نییە، لەبەر ئەوە دەتوانرێ بوترێ، کە پەیوەندیی نێوان زار و زمان پەیوەندیی تەواوکارییە واتە پەیوەندیی بەشە بە گشتەوە) (بکر عمر علی و شێرکۆ حەمەئەمین: ٢٠٠٦: ١٣). لە خوارەوە هەوڵدەدەین بە نموونە پەیوەندییەکان ڕوونتر بکەینەوە.

ئێمە لەم باسەی خۆماندا زاراوەی شێوەئاخاوتن بۆ شێوەی قسەکردنی ئەو کۆمەڵە خەڵکە بەکاردەهێنین، کە دوو هەنگاو لە زارەوە دوورن، واتە:

زار ← شێوەزار ← شێوەئاخاوتن

ئەگەر زاری ناوەڕاست بە نموونە وەربگرین بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

زاری ناوەڕاست ← شێوەزاری سۆرانی ← شێوەئاخوتنی سوورچیایەتی

واتە کرمانجی ناوەڕاست بۆسەر چەند شێوەزارێک دابەشدەبێت، وەک (سلێمانی، موکریانی، سۆرانی... هتد)، هەروەها هەریەک لەم شێوەزارانە بۆ سەر چەند شێوەئاخاوتنێک[٢] دابەشدەبن، وەک شێوزاری سۆرانی دابەشدەبێت بۆ شێوەئاخاوتنی (هەولێر، خۆشناوەتی، باڵەکایەتی،

سوورچیایەتی... هتد). ئەمانە هەندێکیان لە ڕووی کۆمەڵایەتی وەکو هۆز یان عەشیرەتیش دەتوانرێت دەستنیشانبکرێن، کە بێجگە لە لایەنی زمانییەوە، لە ڕووی پەیوەندیی خزمایەتی و عەشیرەتی و خاک و خوێنیشەوە پەیوەندیی پتەو لە نێوانیاندا هەیە.

## ٤/٢/٢. ناساندنی شێوەئاخاوتنی سوورچی:

سوورچیایەتی ناوچەیەکی جوگرافییە دەکەوێتە کوردستانی عیراقەوە، لە ڕووی جوگرافییەوە زێی گەورەوە وەک بەربەستێکی سروشتی ((عەشیرەتی سوورچی کردووە بە دوو بەش یان ناوچەوە، کە ئەوانیش بریتین لە سوورچیی بادینان و سوورچیی سۆران، سوورچیی بادینان لە ئاکرێ و بجیل و ڕوڤیان و گوندەکانی دەوروبەریان نیشتەجێن، بەشێکی کەمیش لە قەزای بەردەڕەش دادەنیشن، سوورچیی سۆرانیش لە شەقڵاوە و هەریر و خەلیفان و کەورگۆسک و سۆران و گوندەکانی دەوروبەریان نیشتەجێن))[٣]. هەر سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوونی سوورچییەکان، بەشێک لە سوورچییەکان لە باشووری زێی گەورەن، لە ناوچەی ئاکرێ دەژین و بەشێکی تریشیان لە ناوچەی ڕواندوز لە باشووری زێی گەورەن (دبلیو ئار هی: ٢٠١٦: ٦٩). کەواتە زێی گەورە سوورچیی بادینی و سوورچیی سۆرانی لێکجیادەکاتەوە. ئەوەی پەیوەندی بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە، ئەو بەشەی سوورچیایەتییە کە دەکەوێتە بەری سۆران و لێکۆڵینەوەکەی خۆمان لە چوارچێوەی ئەم ناوچە جوگرافییە ئەنجامدەدەین.

## ٣/ شێوەئاخاوتنی سوورچی لە نێوان زاری ناوەڕاست و ژوورووداا:

### ١/٣. شێوەئاخاوتنی سوورچی و زاری ناوەڕاست و ژووروو لە ئاستی دەنگەوە:

**١/١/٣. گۆڕانی دەنگ:** گۆڕان لە زماندا بە گشتی هەموو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە، هەریەکێک لە ئاستەکان بەگوێرەی خۆی دەکەوێتە بەر شەپۆلی گۆڕانەکە، یەکێکیش لەو ئاستانە کە گەشە و گۆڕانی زمانی تێدا بەرجەستە دەبێت، بریتییە لە ئاستی دەنگسازی.

بە هۆکاری کەم خزمەتکردنەوە، لە زمانی کوردیدا تاکو ئێستا هەندێک دیاردەی بواری دەنگسازی جێگای مشتومڕی زمانەوانانە، بەڵام ئێمە ناچینە ناو وردەکاریی ئەو مشتومڕانە، بەڵکو لەم تەوەرەیەدا باسی هەندێک لەو گۆڕانە دەنگییانە دەکەین، کە لە شێوەئاخاوتنی سوورچیدا هەیە و لەگەڵ کرمانجی ناوەڕاست و ژوورووودا بەیەکیاندەگرین. لەم بارەیەوە ئەو گۆڕانە دەنگییانە دەخەینەڕوو، کە لە نێوان وشەکانی هەرسێ شێوەی (کرمانجی ژووروو و ناوەڕاست و سوورچیایەتی)دا بەدیدەکرێت، تاوەکو دووری و نزیکیی شێوەئاخاوتنی سوورچیمان بۆ دەربکەوێت لە نێوان هەردوو زارەکەدا.

١- **فۆنیمی (ع):** دەنگی (ئ) لە هەندێک وشەی زاری ناوەڕاست دەگۆڕێت بۆ دەنگی (ع) لە زاری کرمانجی سەروو و شێوەئاخاوتنی سوورچیدا. وەک لە خشتەی ( ١ ) دا هاتووە:

خشتەی ژمارە (١ )

| شێوەئاخاوتنی سوورچی | زاری ژووروو | زاری ناوەڕاست |
| --- | --- | --- |
| عافەرین | عافەرین | ئافەرین |
| عاسمان | عاسمان | ئاسمان |
| قوڕعان | قوڕعان | قوڕئان |

**٢- دەنگی (و)**: دەنگی (و) هەندێک جار لە زاری ژووروو و شێوەئاخاوتنی سوورچیدا دەگۆڕێت بۆ (ف) وەک نموونەکانی خشتەی ژمارە (٢ ):

خشتەی ژمارە (٢ )

| شێوەئاخاوتنی سوورچی | زاری ژووروو | زاری ناوەڕاست |
| --- | --- | --- |
| شفتی | شفتی | شووتی |
| مزگەفت | مزگەفت | مزگەوت |

لەمەی سەرەوە شێوەئاخاوتنی سوورچی هەرچەندە سەر بە زاری ناوەڕاستە، بەڵام لە زاری ژووروو نزیکترە، لەگەڵ ئەمەشدا

هەندێ جار دەنگی (و) لە زاری ژووروو دەگۆڕێت بۆ (ڤ)، کەچی ئەم دەنگە لە شێوەئاخاوتنی سوورچیدا هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە، واتە لەم بارەدا لە زاری کرمانجی ناوەڕاست نزیکترە. سەرنجی خشتەی ژمارە (٣) بدە:

خشتەی ژمارە (٣)

| زاری ناوەڕاست | زاری ژووروو | شێوەئاخاوتنی سوورچی |
|---|---|---|
| ئاو | ئاڤ | ئاو |
| ناو | ناڤ | ناو |
| ناوچە | ناڤچە | ناوچە |

**٣- دەنگی (ڵ):** ئەم دەنگە لە بەکارهێنانەکانی لە کرمانجی ژووروودا دەگۆڕێت بۆ (ل) لەم بارەدا شێوەئاخاوتنی سوورچی تا ڕاددەیەک لە زاری ژووروو نزیکترە، چونکە (فۆنیمی /ڵ/ لە هەموو شێوەزارەکانی زاری ناوەڕاست زۆر بەکاردێت جگە لە شێوەی سۆرانی نەبێت ئەم فۆنیمە لە شێوەزاری سۆرانی و زاری ژووروو کەم بەکاردێت). (عمر احمد عبدالرحمن و هیوا احمد عصاف: ٢٠١٥: ٢٤٥) ئەم دەنگە لە شێوەئاخاوتنی سوورچیدا دەبێت بە (ل) یان (ر). کەواتە دەتونین بڵێین لەم بارەدا شێوەئاخاوتنی سوورچی لە زاری ناوەڕاست دوورکەوتۆتەوە، بەڵام لە شێوەزاری سۆرانی نزیکترە کە لەوێشدا دەبێت بە (ر) هەروەها

هەندێکجاریش دەبێت بە (ل) وەکوو کرمانجی ژووروو. خشتەی ژمارە (٤) ئەمە ڕووندەکاتەوە:

خشتەی ژمارە (٤)

| زاری ناوەڕاست | زاری ژوورو | شێوەئاخاوتنی سوورچی |
|---|---|---|
| دڵ | دل | دل _ در |
| خاڵ | خال | خال _ خار |
| ماڵ | مال | مال _ مار |

**٤- دەنگی (ا):** ئەم بزوێنە لە هەندێک باردا لە بەکارهێنانەکانیدا لە زاری ژووروو و شێوەئاخاوتنی سوورچی دەگۆڕێت بۆ (ە): وەک نموونەکانی خشتەی (٥):

خشتەی ژمارە (٥)

| زاری ناوەڕاست | زاری ژوورو | شێوەئاخاوتنی سوورچی |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| وامکرد | وەمکر | وەمکرد |
| وامەکە | وەمەکە | وەمەکە |

**٥- دەنگی (ێ):** ئەم دەنگە لە کرمانجی ژووروو و شێوەئاخاوتنی سوورچیدا دەگۆڕێت بۆ (ی). وەک لە خشتەی ژمارە (٦) دا هاتووە:

خشتەی ژمارە (٦)

| **زاری ناوەڕاست** | **زاری ژوورو** | **شێوەئاخاوتنی سوورچی** |
|---|---|---|
| هێنام | هینام | هینام |
| دەهێنم | دهینم | دینم |
| دەچێنم | دەچینم | دەچینم |

هەندێک جار ئەم دیاردەیە پێچەوانە دەبێتەوە واتە دەنگی (ی) لە زاری ناوەڕاست دەبێت بە (ێ) لە زاری ژووروو و شێوەئاخاوتنی سوورچیدا. سەرنجی خشتەی (٧) بدە:

حشتەی ژمارە (٧)

| **زاری ناوەڕاست** | **زاری ژوورو** | **شێوەئاخاوتنی سوورچی** |
|---|---|---|
| میوان | مێڤان | مێوان |
| زیادە | زێدە | زێدە |
| سیانزە | سێزدە | سێزدە |
| تینوو | تێنی | تێنی |

**٦- دەنگی (و):** ئەم دەنگەش لە زاری ژووروو و شێوەئاخاوتنی سوورچیدا دەبێت بە (ۆ). وەک لە خشتەی (٨) دا هاتووە:

| **زاری ناوەڕاست** | **زاری ژوورو** | **شێوەئاخاوتنی سوورچی** |
|---|---|---|
| سور | سۆر | سۆر |
| ڕوناک | ڕۆناک | ڕۆناک |

| | | |
|---|---|---|
| سوتان | سۆتان | سۆتان |

هەروەها دەنگی (و) ئەگەر لە سەرەتای وشە هات لە زاری ناوەڕاستدا وەکوو خۆی گۆدەکرێت، بەڵام لە کرمانجی ژووروو و شێوەئاخاوتنی سوورچیدا بە زۆری دەبێت بە (ه). وەک نموونەکانی خشتەی ژمارە (٩):

خشتەی ژمارە (٩)

| **زاری ناوەڕاست** | **زاری ژوورو** | **شێوەئاخاوتنی سوورچی** |
|---|---|---|
| ورچ | هرچ | هرس |
| ئەسپ | هەسپ | هەسپ |
| وشیار | هشیار | هەشیار |

**٧- دەنگی (ژ):** ئەم دەنگە لە بەکارهێنانەکانی کرمانجی ژووروو و شێوەی سوورچیدا دەگۆڕێت بۆ (ز) وەک نموونەکانی خشتەی ژمارە (١٠):

خشتەی ژمارە (١٠)

| شێوەئاخاوتنی سوورچی | زاری ژوورو | زاری ناوەڕاست |
|---|---|---|
| ویزدان | ویزدان | ویژدان |
| زوشک | زۆشک | ژوشک |

**٨- دەنگی (وو):** ئەم دەنگە لە کرمانجی ژووروو و شێوەئاخاوتنی سوورچیدا دەگۆڕێت بۆ (ی) وەک نموونەکانی خشتەی ژمارە (١١)

خشتەی ژمارە ( ١١)

| شێوەئاخاوتنی سوورچی | زاری ژوورو | زاری ناوەڕاست |
|---|---|---|
| دەزی | دەزی | دەزوو |
| خانی | خانی | خانوو |
| تێنی | تێنی | تینوو |

هەروەها ئەم دیاردەیەش هەندێکجار پێچەوانە دەبێتەوە، لە پێچەوانەکەشدا شێوەئاخاوتنی سوورچی لە زاری کرمانجی ژووروو نزیکترە سەیری خشتەی (١٢) بکە:

خشتەی ژمارە (١٢)

| زاری ناوەڕاست | زاری ژوورو | شێوەئاخاوتنی سوورچی |
|---|---|---|
| ڕۆن | ڕوون | ڕوون |
| ڕۆکردن | ڕوکردن | ڕووکردن |
| ڕۆچوون | ڕووچوون | ڕووچوون |

## ٢/٣. شێوەئاخاوتنی سوورچی لە نێوان کرمانجی ژووروو و ناوەڕاست لە ئاستی ڕێزماندا:

**١/٢/٣. مۆرفیم:** مۆرفیم یەکەیەکی ئاستی مۆرفۆلۆجییە (بچووکترین دانەی واتاداری زمانە، مەبەست لە بچووکترین دانەی واتاداری زمان ئەوەیە کە ناتوانرێ بچووکتربکرێتەوە بەبێ گۆڕانی واتا) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٢٦٨).

زمانەوانەکان لە پۆلێنکردنی مۆرفیمەکانی زمانی کوردیدا، بۆچوونی جیاوازیان هەیە، بەڵام جیاوازییەکان بە زۆری لە ڕووی

زاراوەوەیە. ئەوەی ئێمە دەمانەوێ لەم توێژینەوەیەدا سەرنجی لێبدەین مۆرفیمی بەندە وشەداڕێژ و ڕێزمانییەکانن.

**أ- مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ:** هەندێک لە زمانەکانی دونیا بۆ داڕشتنی وشەی نوێ پەنا دەبەن بۆ مۆرفیمە وشەداڕێژەکان، کە هەندێکجار بە پاشگر و پێشگر ناویاندەهێنن، بە گشتی ((ئەوانەن کە ئەرکی داڕشتن دەبینن، بەهۆی شوێنی پێوەلکانیان دابەشدەبن بۆ پێشگر، ناوگر، پاشگر)) (ڕۆژان نوری عبدالله: ٢٠١٣: ٢٦)، لەناو ئەو مۆرفیمانەدا پێشگر و پاشگرەکان (دەوری وشەڕۆنان دەبینن جۆرێکی تایبەتن لە مۆرفیم، لە زانستی زماندا بە مۆرفیمی وشەداڕێژ ناسراون) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٧: ٣٢). لە خوارەوە باری هەندێک لەو مۆرفیمە وشەداڕێژانە دەخەینەڕوو لە نێوان زاری ناوەڕاست و ژووروو و شێوەئاخاوتنی سوورچیدا.

**١- مۆرفیمی (ەوە):** ئەم مۆرفیم (پاشگر)ە هەندێکجار بۆ دووبارەکردنەوە بەکاردێت و هەندێک جاریش لە دروستکردن و داڕشتنی وشەی نوێدا ڕۆڵیدەبێت، وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد دەنگی (و) لە زاری ژوورووی زمانی کوردی دەگۆڕێت بۆ (ڤ)، بەڵام هیچ لە واتا ناگۆڕێت، ئەگەر ئەم پاشگرە بەراوردبکەین لە نێوان زاری ناوەڕاست و ژووروودا، دەبینین شێوەئاخاوتنی سوورچی لە نێوان هەردووکیاندا دبینرێت، بە واتای ئەوەی لەباری گۆڕینی (و) بۆ (ڤ)، شێوەئاخاوتنی سوورچی پەیڕەوی کرمانجی ناوەڕاست دەکات، بەڵام لەوبارەی کە پاشگرەکە لە زاری کرمانجی ژووروودا شوێنی خۆی دەگۆڕێت و دێتە پێشەوە و دەبێت بە پێشگر و دەنگی (ە) ی دەسوێ، ئەوا لەم بارەدا شێوەئاخاوتنی سوورچی پەیڕەوی کرمانجی ژووروو دەکات، چونکە لەوێش ئەم مۆرفیمە دێتە پێشەوە. وەک لە خشتەی (١٣) دا هاتووە:

خشتەی ژمارە (١٣)

| زاری ناوەڕاست | زاری ژووروو | شێوەئاخاوتنی سوورچی |
| --- | --- | --- |
| کردەوە | ڤەکر | وەکرد |
| خواردنەوە | ڤەخارتن | وەخواردن |
| کوژاندنەوە | ڤەکوژاندن | وەکوژاندن |

**٢- مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو: (و):** لە زاری کرمانجی ناوەڕاستدا (و) مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو، لە زاری ژووروو و شێوەئاخاوتنی سوورچیدا دەبێت بە (ی). سەرنجی خشتەی (١٤) بدە:

خشتەی ژمارە (١٤)

| زاری ناوەڕاست | زاری ژووروو | شێوەئاخاوتنی سوورچی |
| --- | --- | --- |
| شکاو | شکای | شکای |
| دڕاو | دڕای | دڕای |

| | | |
|---|---|---|
| سوتاو | سوتای | سوتای |
| مردوو | مردی | مردی |

**٣- مۆرفیمی (گەر):** ئەم مۆرفیمە بۆ دارشتنی وشە لە زاری کرمانجی ناوەڕاست بەکاردێت، بەڵام لە زاری ژووروو و شێوەئاخاوتنی سوورچێدا دەبێت بە (گر). وەک لە خشتەی (١٥)دا هاتووە:

خشتەی ژمارە (١٥)

| **زاری ناوەڕاست** | **زاری ژوورو** | **شێوەئاخاوتنی سوورچی** |
|---|---|---|
| ئاسنگەر | ئاسنگر | ئاسنگر |

**ب- مۆرفیمی ڕێزمانی:** مۆرفیمە ڕێزمانییەکان ئەوانەن کە لە زماندا ئەرکێکی ڕێزمانی دەبینن (جگە لە واتای خۆیان، پەیوەندییەکی ڕێزمانیش دەردەخەن لەگەڵ وشەکانی دیی ناو ڕستە) (عبدالله حسین ڕەسوڵ: ١٩٩٥: ٧٨).

به هەمان شێوەی مۆرفیمە وشەدارێژەکان لە ئاستی مۆرفیمە ڕێزمانییەکانیشدا جیاوازی و لێکچوون دەبینرێت لە نێوان زاری

ناوەڕاست و زاری ژووروو و شێوەئاخاوتنی سوورچیدا. لە خوارەوە ئاماژەی پێدەکەین.

**١- مۆرفیمی ناسیاوی:** لە زاری کرمانجی ناوەڕاستدا مۆرفیمی (ەکە) ئەرکی ناساندن دەبینێت، کە ئەویش چەند ئەلۆمۆرفێکی هەیە وەک (ەکە، یەکە، ۆکە، کە... هتد) (زەرێ یۆسۆپۆڤا: ٢٠٠٥:٤٤)، بەڵام ناساندن لە زاری کرمانجی ژووروودا (نیشانەیەکی تایبەت بە ناسیاوی، وەک ئامرازی نیشانە (ناوی نیشانە) بەکاردێ) (عبدالله حسین ڕەسوڵ: ٢٠١٥: ٢١٠). وەک نموونەی (١):

پیاوەکە بە ئافرەتەکەی گوت ئەڤ پیاوی گۆتە ڤێ ژنێ

لە ناساندندا شێوەئاخاوتنی سوورچی بەهەمان شێوەی کرمانجی ژووروو بەهۆی ئامرازی نیشانەوە ئەم کارە ئەنجامدەدات. وەک نموونەکانی خشتەی (١٦):

خشتەی ژمارە ( ١٦)

| **زاری ناوەڕاست** | **زاری ژوورو** | **شێوەئاخاوتنی سوورچی** |
|---|---|---|
| کوڕەکە | ئەڤ کۆڕە | ئەو کۆڕە |
| کۆڕەکەی ئەو | ئەڤ کۆڕێ وی | ئەو کۆڕەی وی |

لەمەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە شێوەئاخاوتنی سوورچی بۆ ناساندنی ناو پەیڕەوی کرمانجی ژووروو دەکات، بەوەی کە کارەکەی بەهۆی ئامرازی نیشانە ئەنجامدەدات، بەڵام لەلایەکی ترەوە پەیڕەوەی کرمانجی ناوەڕاستی کردووە، کە دەنگی (و)ی نەگۆڕیوە بۆ (ڤ)، واتە (ئەو) نەبووە بە (ئەڤ).

**٢- مۆرفیمی نەناسیاوی:** مۆرفیمی نەناسیاوی کاتێک لە زماندا بە ناوەوە دەلکێت ناوەکە دەکات بە نەناسیاو. (ئەو مۆرفیمەش لە زارەکانی زمانی کوردی جیاوازی هەیە و لە زاری ناوەڕاستدا مۆرفیمی نەناسیاوی بریتییە لە (ێک)، بەڵام لە زاری کرمانجی سەروو (ەک) نیشانەی نەناسیاوییە. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٢٢). هەروەها لە شێوە ئاخاوتنی سوورچیشدا (ەک) بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێت، بەمەش بۆمان دەردەکەوێ کە لەم بارەشدا شێوەئاخاوتنی سوورچی لە زاری کرمانجی ژووروو نزیکدەبێتەوە.

**٣- مۆرفیمی ڕەگەز (توخم):** ئەم مۆرفیمە ئێستا لە زاری کرمانجی ناوەڕاست هەستپێناکرێت، بە تایبەت لەو شێوەیەی کە ئێستا دەقی زمانی نووسینی گرتووە، بەڵام لە هەندێک شێوەزاری سەر بەو زارە تا ڕاددەیەک ماوە، کە شێوەئاخاوتنی سوورچی یەکێکە لەوانەی تا ئێستا مۆرفیمی ڕەگەز بەکاردەهێنێت، بەمەش دەتوانین بڵێین لە زاری کرمانجی سەروو نزیک دەبێتەوە، چونکە تا ئێستا ڕەگەز (وەک حاڵەتێکی زیندوو لە دیالێکتی ژووروی زمانی کوردیدا خۆی دەنوێنێ) (هەمان سەرچاوە: ١٩٧٩: ١٦٧). لە زاری سەروو و هەندێک شێوەئاخاوتنی سەر بە زاری ناوەڕاست، ناو بەپێی ئەو دۆخەی تێیدەکەوێت نیشانەکانی نێر و مێ وەردەگرێت. وەک:

**أ- دۆخی بانگکردن:** له زاری سه‌رووی زمانی کوردیدا ناو به پێی ڕه‌گه‌ز نیشانه‌ی جیاواز وه‌رده‌گرێت له دۆخی بانگکردندا. (سلێمان اسماعیل ڕه‌جه‌ب: ٢٠٠٦: ٦٥). به‌م شێوه‌یه:

ـ (ۆ) بۆ تاکی نێر: کوڕۆ، گه‌لۆ، مامۆ.

ـ (ێ) بۆ تاکی مێ: دایێ، کیژێ: ژنێ.

که‌چی له زاری ناوه‌ڕاست (ه) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ به‌کاردێت. له‌م باره‌وه له شێوه‌ئاخاوتنی سوورچیدا نیشانه‌ی ڕه‌گه‌ز هه‌مان شێوه‌ی زاری ژوورووه. وه‌ک: مامۆ، پلکێ. وه‌ک نموونه‌کانی خشته‌ی ژماره (١٧)ک

خشته‌ی ژماره (١٧)

| **زاری ناوه‌ڕاست** | **زاری ژوورو** | **شێوه‌ئاخاوتنی سوورچی** |
|---|---|---|
| مامه | مامۆ | مامۆ |
| پله | پلکێ | پلکێ |

**ب- دۆخی خستنه‌سه‌ر:** زاره‌کانی زمانی کوردی له‌م ڕووه‌وه جیاوزن، بۆ نموونه له زاری کرمانجی سه‌روودا (له دۆخی خستنه‌سه‌ر نیشانه‌ی (ێ) بۆ ڕه‌گه‌زی نێر و نیشانه‌ی (ا) بۆ ڕه‌گه‌زی مێ به‌کاردێت.) (عبدالواحد موشیر دزه‌یی: ٢٠١١: ٧٢). که‌واته له‌م دۆخه‌دا ئه‌وه‌ی

پەیوەندی بە مۆرفیمی ڕەگەزەوە هەیە ئەوەیە، کە شێوەئاخاوتنی سوورچی لە زاری کرمانجی سەروو نزیکترە. وەک ئەوەی لە خشتە (١٨)دا هاتووە:

خشتەی ژمارە (١٨)

| زاری ناوەڕاست | زاری ژووروو | شێوەئاخاوتنی سوورچی |
|---|---|---|
| کوڕی من | کوڕێ من | کوڕێ من |
| کچی من | کچا من | کچا من |

**ج- دۆخی بەرکاری:** ئەم دۆخە لە زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی جیاوازە، بە واتای ئەوەی لە هەندێکیان مۆرفیمی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ ڕەگەزی نێر و مێ، بە جۆرێک (لە زاری کرمانجی سەروو تا ڕێژەیەکی بەرچاو نیشانەکانی دۆخ ماون و لە شێوەزاری هەولێر کەمتر و لە شێوەزاری سلێمانی بە تەواوی لەناوچووە و هەستی پێناکرێ) (سباح رشید قادر: ٢٠٠٩: ٧٤).

ناو لە زاری کرمانجی ژوورووودا (کاتێک لە دۆخی تیاندا بە واتای مێ دێن ئەوە نیشانەی (ێ) یان دەچێتە سەر، خۆ ئەگەر بە واتای نێر بێن ئەودەم نیشانەی (ێ) یان پێوەدەلکێت) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٨٢). بەهەمان شێوەی زاری سەروو ئەم دیاردەیە لە شێوەئاخاوتنی سوورچیدا هەستیپێدەکرێت. وەک نموونەکانی خشتەی (١٩):

خشتەی ژمارە ( ١٩ )

| زاری ناوەڕاست | زاری ژووروو | شێوەئاخاوتنی سوورچی |
| --- | --- | --- |
| من ئەسپ دەکڕم | ئەز ئەسپی دکڕم | ئەمن ئەسپییە کڕم |
| من ماین دەکڕم | ئەز مەهینێ کڕم | ئەمن ماینێ کڕم |

**د- مۆرفیمی کۆ:** لە زاری کرمانجی ناوەڕاستدا بۆ کۆکردنەوەی ناو مۆرفیمی (ان) بەکاردێت. وەک نموونە (٢)

منداڵ ← منداڵان

بەڵام لە زاری سەروو ناو لە باری کۆدا بەشێوەیەکی تر دەبێت و بەپێی جۆری کار و ئەو ئەرکەی دەیبینێت جیاوازە (ئەگەر ناوەکە لە ئەرکی بکەردا بێت و کاری ڕستەکەش کاری تێنەپەڕ بێت، ئەوا ناوەکە هیچ مۆرفیمێکی تایبەت بە کۆی ناچێتە سەر) (دانا تحسین محمد: ٢٠٠٠: ١١). لەم بارەشدا شێوەئاخاوتنی سوورچی لە زاری ژوورو نزیکترە. سەرنجی نموونەکانی خشتەی ژمارە (٢٠) بدە:

خشتەی ژمارە (٢٠)

| زاری ناوەڕاست | زاری ژووروو | شێوەئاخاوتنی سوورچی |
|---|---|---|
| منداڵان هاتن | زارۆک هاتن | مندار هاتن |

**٢/٢/٣. جێناوی کەسی:** ڕێزمانی جێناو زیاتر هەڵدەگرێ لەوەی کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێدەکەین، دەکرێ بڵێین پێویستی بە باسێکی سەربەخۆیە، بەڵام ئێمە بە خێرایی ئاماژە بەم کەرستە زمانییە دەدەین، تەنیا بۆ نیشاندانی لایەنی لێکچوو و جیاواز لە نێوان هەرسێ شێوەدا لە ڕووی فۆڕم و ئەرکەوە. جێناوە کەسییەکانیش بە گشتی دەبن بە دوو جۆر:

**١/٢/٢/٣. جێناوی کەسیی جودا:** لە زاری ناوەڕاستدا یەک دەستە جێناوی سەربەخۆ هەیە کە ئەویش بریتییە لە (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٩٢) ئەم دەستە جێناوە ئەرکی ئاسایی و خاوەنی دەبینن.

لەم بارەیەوە لە شێوەئاخاوتنی سوورچی، کە سەر بە زاری ناوەڕاستە، دوو دەستە جێناو هەن، کە یەکێکیان ئاسایی و ئەوی تریان خاوەنییە (دانا تحسین محمد: ٢٠١٣: ٥٨) ئاساییەکان دەبن بە دوو کۆمەڵە:

| کەسی یەکەم | دەستەی یەکەم | دەستەی دووەم |
|---|---|---|
| یەکەمی تاک | ئەمن (ئەز) | ئەز |
| دووەمی تاک | ئەتو | ئەتو |
| سێەمی تاک | ئەو | ئەو |
| یەکەمی کۆ | ئەمە | ئەمە |
| دووەمی کۆ | ئەنگۆ | ئەنگۆ |
| سێیەمی کۆ | ئەو | ئەوا |

خاوەنییەکانیش بریتین لە:

| | |
|---|---|
| یەکەمی تاک | من |
| دووەمی تاک | تو |
| سێیەمی تاک | و (ێ، i) |
| یەکەمی کۆ | مە |
| دووەمی کۆ | نگۆ |
| سێیەمی کۆ | وا |

بەڵام لە زاری کرمانجی ژووروودا دوو دەستە جێناوی سەربەخۆ هەن، خشتەی (٢١) جێناوە سەربەخۆکانی هەردوو زاری ناوەڕاست و ژوورووو نیشاندەدات. (عبدالله حسين ڕەسوڵ: ٢٠١٥: ١٨٢).

خشتەی ژمارە (٢١)

| زاری ناوەڕاست | زاری ژوورو | |
|---|---|---|
| ئاسایی و خاوەنی | ئاسایی | خاوەنی |
| من | ئەز | من |
| تۆ | تو | تە |
| ئەو | ئەو<br>وی / وێ | و(ی – ێ) |
| ئێمە | ئەم | مە |
| ئێوە | هون / هنگ / هەوە / هوین | وە |
| ئەوان | ئەو<br>وان | وا (ن) |

ئەم خشتەیەی سەرەوە بۆ نیشاندانی جێناوە لکاوەکانی زاری ناوەڕاست، پشتی بە زمانی نووسین بەستووە، واتە ئەو زمانەی ئێستا شێوەی نیمچە ستانداردی وەرگرتووە، ئەگەرنا لە هەندێک لە

شێوەزارەکانی زاری ناوەڕاست وەک سۆرانی (هەولێر)، هەروەها شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی کە سەر بە سۆرانییە، جێناوە کەسییەکان دابەشدەبن بۆ سەر دوو کۆمەڵەی ئاسایی و خاوەنداریەتی (عبدالله حسین ڕەسوڵ: ٢٠١٥: ١٨٢)

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین لە ڕووی فۆڕمەوە هەروەها تا ڕاددەیەک لە ڕووی ئەرکیشەوە جێناوە سەربەخۆکانی شێوەئاخاوتنی سوورچی تەواو نزیکە لە شێوەزاری سۆرانی، کە ئەویش سەربە زاری ناوەڕاستە، ئەم قسەیە لە ڕووی دابەشبوونیش ڕاستە، چونکە شێوەئاخاوتنی سوورچی سەر بە سۆرانییە و ئەویش سەر بە دیالیکتی ناوەڕاستە. خشتەی (٢٢) جێناوە سەربەخۆکان لە باری ئاسایی و خاوەنی نیشاندەدات لە هەرسێ شێوەدا:

خشتەی ژمارە (٢٢)

| زاری ناوەڕاست | زاری ژووروو | شێوەئاخاوتنی سوورچی |
|---|---|---|
| ئاسایی و خاوەنی | ئاسایی<br>خاوەنی | ئاسایی<br>خاوەنی |
| من | ئەز<br>من | ئەمن (ئەز)<br>من |
| تۆ | تو<br>تە | ئەتو<br>تو |
| ئەو | ئەو | ئەو |
| ئێمە | | |

| | | |
|---|---|---|
| ئێوە | و (ی/ێ) | و(ی،i) |
| ئەوان | ئەم<br>مە<br><br>هون/هنگ/هەوە/هوین<br>وا (ن)<br><br>ئەو | ئەمە<br>مە<br><br>ئەنگۆ<br>نگۆ<br><br>ئەو(ئەوان)<br>وا |

ئەگەر سەرنجی ئەم خشتەیەی سەروە بدەین، بۆ خستنەڕووی لایەنی لێکچوو و جیاواز لە نێوان هەرسێ شێوەدا، دەبینین دەستە جێناوە سەربەخۆکانی شێوەئاخاوتنی سوورچیایەتی لە ڕووی فۆڕمەوە لە کرمانجی ژووروو نزیکن، ئەمە ئەگەر بۆ زاری ناوەڕاست زمانی نووسین بکەین بە پێوەر، ئەگەرنا لە شێوەی سۆرانی کە سەربە زاری ناوەڕاستە، هەروەها لە شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی کە سەر بە هەمان شێوەزارە، بە هەمان شێوەی سوورچیایەتی دوو دەستە جێناو دەبینرێت، بە واتایەکی تر لەو ناوچەیەی کە کاریگەریی شەپۆلی هەردوو زاری دەکەوێتە سەر کە سوورچیایەتییە، لە ڕووی فۆڕمی جێناوەکانەوە لە هەردوو لا نزیکە و کەمێک جیاوازیی هەیە. بەڵام تا بەرەو سەنتەری زاری ناوەڕاست بڕۆین ئەم لێکچوونە کاڵتر دەبێتەوە، تا وای لێ دێ لە زمانی نووسین بە تەواوی جیاوازییەکە دەردەکەوێت، بەڵام ئەم جیاوازییە لەگەڵ کرمانجی ژووروودا نابینرێت.

لە ڕووی ئەرکەوە تا ڕاددەیەک لە کرمانجی ژووروو دووردەکەوێتەوە، چونکە لە زاری ژوورو دا دەستەی (دیارخەری) لە کاری ڕابردووی تێپەڕدا دەتوانێت ببێت بە بکەر. وەک نموونەی (٣):

من نان خار

بەڵام ئەمە لە شێوەئاخاوتنی سوورچیدا ڕێپێدراو نییە، واتە دەستەی خاوەنی ئەرکی بکەر نابینیَ. وەک نموونەی (٤):

٤- من نانم خوارد* ← ئەمن نان خوارد

چونکە لە شێوەی سوورچیدا دەستەی یەکەم ئەرکی بکەر دەبینن، هەرچی دەستەی خاوەنییە ((تەنیا ڕۆڵی تەواوکەری ناو (دیارخەر) تەواوکەری بەیاریدە (بەرکاری ناڕاستەوخۆ) دەبینن)) (دانا تحسین محمد: ٢٠١٣: ٦١).

لە زاری ژووروودا هەردوو دەستەکە دەتوانن ببن بە بەرکار (عمر احمد عبدالرحمن و هیوا احمد عصاف: ٢٠١٥: ٢٥٩). وەک نموونەی (٥ و ٦)

٥- ئەز تە دبینم

٦- من توو دیتی

بەڵام لە شێوەی سوورچیدا دەستەی دیارخەری نابێت بە بەرکار، بەڵکو دەستەی ئاسایی دەبێتە بکەر و بەرکار لە ڕستەدا. وەک نموونەی (٧ و ٨ )

٧- ئەتوو مە دەگری*

٨- ئەتوو ئەمە دەگری

**٢/٢/٢/٣. جێناوی کەسیی لکاو:** لە جێناوە کەسییە لکاوەکاندا هەوڵدەدەین دیاردەیەکی زمانی بەراوردبکەین لە نێوان زاری ناوەڕاست و ژووروو و شێوەئاخاوتنی سوورچیدا ئەویش بریتییە لە (ئێرگەتیڤ).

لە زمانەکانی دونیادا بە گشتی ڕێککەوتن لە نێوان کەرستە سەرەکییەکانی ڕستە (بکەر، بەرکار، کار)دا هەیە، بە گشتی ئەم ڕێککەوتنەش لە نێوان کەرستەکاندا بەپێی زمانەکان دەگۆڕێت لەبارەی ڕیککەوتن لە نێوان کەرستەکانی زماندا، زمانەکان بەم شێوەیە پۆلینکراون:

- هەندێک زمان (بکەر و کار) تێیدا لە کەس و ژمارەدا ڕیکدەکەون، وەک زمانی تورکی.

- هەندێکی تر لە زمانەکان (بکەر و بەرکار) لە کەس و ژمارەدا ڕێکدەکەون، وەک زمانی سنهالی، کوردی خوارووی زمانی کوردی.

- هەندێکی تر لە زمانەکان ڕێککەوتن تێیدا لە نێوان (بەرکار و کار) دا دەبێت لە کاتی ڕابردوودا، وەک زمانی باسک، کرمانجی ژوورووی زمانی کوردی. ئەو زانانە لە زانستی زماندا بە زمانە ئێرگەتیڤییەکان ناودەبرێن. (وریا عمر امین: ٢٠٠٤: ١٦٢-١٦٤).

دیاردەی ئێرگەتیڤ کە بریتییە لە ڕێککەوتنی (بەرکار و کار) لە کەس و ژمارەدا لە زاری ناوەڕاستدا هەستی پێناکرێت، بەڵام لە زاری (ژوورووودا ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت ڕێککەوتنەکە لە نێوان بەرکار و کاردا دەبێت (ڤیان سلێمان حاجی: ٢٠٠١: ٤٥). وەک نموونەی (٩ و ١٠):

٩- تە ئەز گرتم

١٠- من تو نەڤی

لەم نموونەکانی (٩ و ١٠) دا ڕێککەوتن لە نێوان بەرکار و کاردایە، (ئەز) و (تو) بەرکاری ڕستەکانن، جێناوە لکاوەکانیان بریتین لە (م) و (ی)، کە بە کوتایی کارەکانەوە لکاون.

لە دۆخی ئێرگەتیفدا شێوە ئاخاوتنی سوورچی پەیڕەوەی زاری ژووروو دەکات، چونکە ئەم دیاردەیە لە شێوەی سوورچیدا ماوە، وەک نموونەی (١١):

١١- ئەمن ئەنگۆ دیتن[٤]

## ئەنجامەکان:

١- هەردوو زاری ناوەڕاست و ژووروی زمانی کوردی لە ناوچەی سوورچیایەتی بەریەک دەکەون. شێوەئاخاوتنی سوورچیایەتی، سەر بە شێوەزاری سۆرانییە و ئەویش سەربە زاری ناوەڕاستە، کەچی لە زۆر باردا کەوتۆتە ژێر کاریگەریی زاری ژووروو، ئەمەش بەهۆکاری تێکەڵیی هەردوو زارەکەیە لەم ناوچەیەدا.

٢- لەم ناوچەیەدا شەپۆلەکانی زاری ناوەڕاست لە چەقەکەیان دوورکەوتوونەتەوە، بەهەمان شێوە شەپۆلەکانی زاری ژووروووش لە چەقەکەیان دوورکەوتوونەتەوە، بۆیە جیاوازییەکان لەوێدا کەمبوونەتەوە، بە شێوەیەک کە شێوەئاخاوتنەکە لە هەندێک باردا پەیڕەوی زاری ناوەڕاست دەکات و لە هەندێک باریشدا پەیڕەوی زاری ژووروو دەکات. وەک:

أ- لە شێوەئاخاوتنی سوورچیدا بەهەمان شێوەی زاری ژووروو، مۆرفیمی ڕەگەز هەستی پێدەکرێت، کەچی ئەمە لە زاری ناوەڕاست نەماوە.

ب- لەباری جێناودا شێوەئاخاوتنی سوورچی لە ڕووی فۆڕمەوە لە زاری ژووروو نزیکە چونکە دوو دەستە جێناو بەکاردەهێنێت. بەڵام لە ڕووی ئەرکەوە لە زاری ناوەڕاست نزیکە، چونکە لە زاری ژووروو دەستەی (دیارخەری) دەتوانێت ببێت بە بکەر، بەڵام لە سوورچیایەتی ئەمە ڕێپێدراه نییە.

ج- لە زاری ژوورووودا هەردوو دەستەکە دەتوانن ببن بە بەرکار، بەڵام لە شێوەئاخاوتنی سوورچیدا، دەستەی دیارخەری نابێت بە بەرکار.

٣- له دۆخی ئێرگەتیڤدا، شێوەئاخاوتنی سوورچی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی کرمانجی ژووروو، چونکە ئێرگەتیڤ لەم شێوەئاخاوتنە هەیە.

## پەراوێزەکان:

مەبەست لێی (سوورچیی سۆرانییە)، چونکە شێوەئاخاوتنی سوورچی دەبێت بە دووبەش بەشێکیان سەربە زاری سەرووە و بەشەکەی تر سەربە زاری ناوەڕاستە، بەهۆی زێی گەورە لێکجیادەبنەوە، ئەوەی کرمانجی سەروو پێی دەڵێن (سوورچیی بادینی)، ئەوەی زاری ناوەڕاستیش پێی دەڵێن (سوورچیی سۆرانی)، ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر (سوورچیی سۆرانی) دەکات.

٢- سەرچاوە کوردییەکان لە بەرانبەر زاراوەی (شیوەئاخاوتن) دا زاراوەی جیاوازیان بەکارهێناوە، وەک:

- ڕەفیق شوانی زاراوەی (زاری ناوچەیی) بەکارهێناوە بڕوانە زمانەوانی کۆمەڵە وتارێک، ڕەفیق شوانی، لا٤١

- عبدالواح مشیر دزەیی زاراوەی (زارۆچکە)ی بۆ سۆرانی بەکارهێناوە، کە سوورچیایەتی بەشێکە لە سۆرانی، بڕوانە زارە کوردییەکان، لا٣٥

- نەبەز فەتاح بابکر زاراوە (شێوەزار)ی بەکارهێناوە، بڕوانە سیما تایبەتەکانی خۆشناوەتی...

- سەرکەوت عبدالله حسین زاراوەی (شێوەزاری)ی بەکارهێناوە، بڕوانە (حسێن: ٢٠١١: ١-٢٥)

- ئومێد بەرزان برزۆ زاراوەی شێوەزاری بۆ خانەقین بەکارهێناوە، بڕوانە (برزۆ: ٢٠١١: ١٥١-١٧٦)

٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڵاتیی (جەوهەر ئیسماعیل طە) لەدایکبووی ١٩٦٥، لە ٢٠٢٣/١/١٢ لە گوندی باسرمە و هاوڵاتیی سعید ملا انور سوورچی، ساڵی (٢٠٢٣) دانیشتووی گوندی کەلەکین-سەرچیا

هەموو ئەو نموونانەی سەر بە شێوەئاخاوتنی سوورچین لە دوو کەسایەتیی تاڕاددەیەک بە تەمەنی سوورچییایەتی وەرگیراون کە لە پەراوێزی ژمارە (٣)دا ناویان هاتووە.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**کوردی:**


- ئەورحمان حاجی مارف (١٩٧٩) *رێزمانی کوردی*. بەرگی یەکەم (وشە سازی)بەشی یەکەم(ناو) چاپی یەکەم، بەغداد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری.

- ........................................ (١٩٨٧) *وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا*. چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

- ........................................ (٢٠١٤) *فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی*. چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

- ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠١١) *زمانەوانی*. بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی گەنج.

- بەسیر کامل حسن و موکریانی کوردستان و بەهائەدین سادق و حەمەئەمین هەورامیو(١٩٨٧) *زارە کوردییەکان*. چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

- بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمە ئەمین (٢٠٠٧) *زار و شێوەزار*. چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.

- حاتەم ولیا محمد (٢٠٠٠) *فرێزی ناوی فرێزی کاری لە کرمانجی ژووروودا*. نامەی ماستەی، زانکۆی سلیمانی.

- دانا تحسین محمد (٢٠١٣) *جێناوی کەسی لەشێوەی ئاخاوتنی سوورچیدا. گۆڤاری زانکۆی کۆیە*، ژمارە ٢٩، ٥٥-٧٢.

- دبليو ئار هی (٢٠١٦) *دوو ساڵ لە کوردستان*، و. لوقمان باپیر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- ڕۆژان نوری عبداللە (٢٠١٣) *فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی*. چاپی دووەم، سلێمانی چاپخانەی چوارچرا.

- زەرێ یۆسۆپۆڤا (٢٠٠٥) *شێوەی سلێمانی زمانی کوردی*. و:کوردستان موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی وەرارەتی پەروەردە.

- سلێمان ئیسماعیل ڕەجەب (٢٠٠٦) *مۆرفیمێن ڕێزمانییێن کوردییێن سەری (گۆڤەرا بادینان)*، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

- سەرکەوت عبداللە حسێن (٢٠١١) *شێوەزارەکانی شاری کەرکوک*. چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری.

- شەرەفخان بەدلیسی (٢٠١٠) *شەرەفنامە مێژووە ماڵە میرانی کوردستان*. و: مامۆستا هەژار، چاپی شەشەم، سنە، پەخشانگای پانیز،.

- ڕەفیق محمد شوانی، (٢٠٠٩). زمانەوانی، چاپخانەی خانی، دهۆک، چاپی یەکەم.

- صباح ڕەشید قادر (٢٠٠٩) *هەندێک لایەنی ڕێزمانی دەسەلات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا*، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشیم.

- عبداللە حسێن ڕەسوڵ (١٩٩٥) *مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار*. تێزی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا.

- ................................... (٢٠١٥) *چەند باسێکی وردی زمانەوانی کوردی*. بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی هێڤی.

- عبدالواحیدموشیر دزەیی (٢٠١١) *زارە کوردیەکان*. چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی پاک.

- عومەر ئەحمەدعبد الرحمن و هیوا ئەحمەد عصاف( ٢٠١٥ )شێوەزاری سۆرانی لەنێوان زاری ناوەراست وژووروودا.{ئۆنلاین} *گۆڤاری زنکۆی ڕاپەڕین* ژ(٥)، ڕێکەوتی دوا سەردان (٢٠٢٢/١٢/٥) http://www.raparinuni.org/images/magazin/number5/k13.pdf

- فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی و سباح رشید قادر (٢٠١٣) بڵاوبونەوەی زار و زمانەکان لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری شەپۆلەکاندا. *گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی*، ژمارە (٢٦). ٢١-٣٦.

- فوئاد حەمەخورشید (٢٠٠٨) *زمانی کوردی و زارەکانی*. چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزکای چاپ و پەخشی سەردەم.

- ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠١) *ڕێککەوتن لە شێوەی ژووروی زمانی کوردیدا*. نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

- نەبەز فتاح بابەکر(٢٠١١) *سیما تایبەتیەکانی شێوە زاری خۆشناوەتی*،نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

- نەریمان عبدالله خۆشناو(٢٠١٣) *زمانی ستانداردی کوردی*، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی (هەولێر).

- وريا عمر ئەمين (٢٠٠٤) *ئاسۆيەكى ترى زمانەوانى*. بەرگى يەكەم، چاپى يەكەم، هەولێر، دەزگاى چاپ و بلاوكردنەوەى ئاراس.

- **عەرەبى:**

- هدسون (١٩٩٠) *علم اللغة الاجتماعي*. و: محمود عياد , چاپى دووەم, عالم الكتب .

**خلاصة البحث**

نظرية الموجات هي نظرية توضح كيفية انتشار اللهجات اللغوية, وفق هذه النظرية تشبه انتشار اللهجات في اللغة بأنتشار موجات الماء التي تبدأ من المركز اللتي هي اصل اللغة. و كلما ابتعد الموجات عن المركز قل التغير, هذا البحث قي ضوء هذه النظرية تتحدث عن تأثير موجات التغير في لهجة الوسطى و لهجة الشمالية للغة الكردية على لكنة ( اللهجة الفرعية) سورجية.

وقعت اللنة ( اللهجة الفرعية) السورجية جغرافياّ تحت تأثير تغيرات اللهجة الوسظى و اللهجة الشمالية لهجتي اللغة الكردية , لذا وقعت اللهجة السورجية عن نقظة التقاء هذين اللهجتين, و ظهرت عليها السمات اللغوية لكلا لهجتين.

بالاستناد الى النماذج اللغوية استنطاع البحثُ اِظهار معظم النتائج اللتي أظهرت موقع اللكنة (اللهجة الفرعية) السورجية  بين اللهجة الوسطى و اللهجة الشمالية و بينّت تأثيراتها . تألف البحث من ثلاتة اقسام, قسم الاول مخصص لمقدمة الدراسة, والقسم الثانى هو القسم النظرى, والذي يتحدث عن كيفية انتشار اللهجات حسب (نظرية الموجات). والقسم الثالث يوضح كيفية اكتساب اللهجة السورجية بين اللهجتى للغة الكردية.

**الكلمات المفتاحية**: نظرية الامواج، اللهجة ، التغييرات الصوتية، التقسيمات اللهجية

**The distribution of the Kurdish dialects according to the theory of waves: the Surchi sub-dialect as an example.**


**Abstract**

The Wave Theory explains the expansion process of accents in any language. The language change wave starts from the centre the same as water waves based on the current theory. The wave decreases as it departs from the centre. This study focuses on the effects of language change wave of Kurdish language accents, Nawarst and Zhwrw, on Surchy accent .

Swrchy accent has been affected through changing waves of both accents, Nawarst and Zhwrw, due to its geographical location. Hence, the Swrchy accent has become the centre of reaching the other two accents as the propositions of both accents are clearly noticed. This study mainly focuses on the cross points of both accents and their nature separately. Similarities and differences of both accents are also elaborated .

The study reaches crucial conclusions based on the linguistics examples of both accents; the study specifies the locations between both accents and their effects. The study contains three chapters. Chapter one is devoted introduction to the study, Chapter tow includes the theoretical framework, the expansion process of accents, and Wave theory. Chapter three maintains the analytical process of Swrchy accent based on the reflection of both accents



**Keywords**: Water wave theory,(sub)dialect, sound changes, speech division.